# یەکگرتووی ئیسلامی، سوننەیەکی نادیار *

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

(جبهه التوافق العراقیه) که بریتییه له لیستی ئیئتیلافی سوننه تەقلیدی و رادیکاڵمەزهەبەکانی عەرەبی عیراقی که سێ کوتلەی بەهێزی سوننی له خۆ ئەگرێت وەك حیزبی ئیسلامی عیراقی که موحسن عەبدولحمید سەرۆکایەتیان ئەکا و ( المؤتمر العام لاهل العراق) عەدنان دلەیمی و (المجلس الحوار الوگنی) هاوکات لەگەڵ ئەم لیستەدا لیستی ( الجبهه العراقیه الموحده) هەیه که صالح موتڵیگ و هەندێ کەسایەتی زانستی و تەکنۆکراتی سوننه نوێنەرایەتی ئەکەن که زیاتر ئەم گروپه دەموچاوی راستەقینەی میدیای شۆڤێنی عەرەبی سونه پیشانی رای گشتی ئەدا که شەوانه له تیڤیەکانەوه بەرچاومان ئەکەون و تیرو شیر لەنەتەوەی کورد ئەسوون، لەگەڵ چەند لیستێکی تری لاوازی سوننەی عەرەبیدا که بریتین له – القائمه العربیه (عرب سنه من المنگقه الغربیه) حرکه التچامن الوگنی، جبهه العربیه الموحد، ئەوەی که مەبەستی ئەم نوسینەیه سەرنجه له ستراتیجی کارکردنی یەکگرتووی ئیسلامی که جیا له هەڵبژاردن و پرۆسەکانی تر وەك هێزێکی رادیکاڵمەزهەبی کوردی و سوننی به باکگراوندە ئیخوانیەکەی خۆی جیاکردەوه له هەیکەلی هاوپەیمانی کوردستانی.

ئەم هەنگاوە ئەگەرچی ناکرێت شەعوەزه و قاوەی بۆ بگرینەوه بەڵام دەکرێت بێدەنگیش نەبین لەو روانگەی که جگه لەوەی که فەزای کوردی شێواندو دەنگی کوردی پەرت کرد، کۆمەڵه ئەگەرێکی چارەنوسسازانەشی خستەوه که بەپێی ئەو ستراتیجی خۆ جیاکردنەوەیه بێت ئەبێت یەکگرتوو به ئاراستەی شوناسه عەرەبیه عیراقی و سوننیەکه کار بکات، ئەگینا داوای کورسی و دەستکەوتی زیاترو وەزارەتی زیاتر ئەکات له یەکێتی و پارتی، چونکه خودی ئەم حیزبه لەو کاتەی که به چاك و خراپی یەکێتی و پارتیان ووت چاك و نەیانتوانی به راستی راستیەکان وەك خۆی بڵێن گوایه بۆ خاتری رەوشه ناسکەکە، ئیدی تێکەڵاو بوون به نەریتەکانی حیزبەکانی ترو داخیلی تەکنیکه ووشکەکانی سیاسەت و کورسی و پۆست و پۆستکاری هاتن و له رۆحانیەت و عیرفانیەت و هەر جۆره سلوکێك که پێویسته گروپی ئیسلامی یان جەماعەی ئیسلامی هەیبێت خۆیان داماڵی.

بەڵام بۆ یەکێتی و پارتی دوچاری شۆکی سیاسی کرد؟ یەکگرتوو له لایەك خاوەن ئینتیماو عەقیدەیەکی ئیسلامییەو لەلایەکی تر لەسەر سوننه حسابه بەفۆرمه کوردییەکەی هەر لەحزەیەك دەبوو ئێمه چاوەروانی ئەو هەنگاوە بوینایە هەرچەندە رەنگە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی وەك چۆن له هەڵبژاردنەکانی 30 کانونی دووەمی 2005 بەجیاش بەشداریانکردو دواجاریش کورسیەکانی خۆیان بەخشی به لیستی هاوپەیمانی کوردستان له پەرلەمان، ئاواش یەکگرتوو بیەوێت ئەو گەشبینیه بهێڵێتەوه بۆ یەکێتی و پارتی تا شۆکەکە نەگاتە سەر ئێسقان؟! کارێکی واش نه پێویستی به موجامەلەو دەستخۆشی هەیه له لایەن رۆشنبیرانەوه وەك یەکگرتوو گەرەکیەتی ئەنجامی بدەن نه پێوستیش به تورەبوون و سەرکۆنەکردن هەیه، چونکه ئەوه نه پەیوەندی به خواوه هەیه نه بەدین و نه بەدەوڵەت و نەتەوە، شتێکی زاتی حیزب خۆیەتی و بەڵکو فیت ئەوه مەبەست و بەرژەوەندیەکی هەڵپەخوازانەیه بۆ کورسی و پۆست و ئیمتیازەکان و دەمێکیشه یەکگرتوو دەیەوێت لاسایی یەکێتی و پارتی بکاتەوەو بۆی نالوێ.

ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی بازارگەرمییەکی باشه بۆ یەکگرتوو تا جارێکی تر خۆی بسەلمێنێت و قەبارە جەماوەریەکەی پیشانی رای گشتی کوردستانی و عیراقی و نێودەوڵەتی بداتەوه که ماوەیەك بوو ئەم قەبارەیه وون بوو، توانیشی زەبرێکی کاریگەر بوەشێنێت لەو خەیاڵە قووڵەی دەسەڵاتی کوردی و لەو خەوە رایانپەرێنێت و پێیان بڵێت هاوپەیمانی وانابێت؟

ئاخر ئیلتیزاماتی هاوپەیمانی لایەنێکی ئیسلامی هەروا سادە نیەو نەبوو که یەکێتی و پارتی وا سەرنجیان ئەدا بەڵکو بریتیه له وەرگرتنی ئیمتیازو دەستکەوت و هەمانکات باج و قوربانیدان، بەڵام لەو هاوپەیمانێتیەی که یەکێتی و پارتی هەیانبوو لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی، یەکگرتوو تەنها قازانجی لەوە دا کرد که قۆناغه تاکتیکیەکەی تێپەرێنێت و دەستی بگاتە ئەو مەرجەعه سوننه باڵایه و نەغمەی هاوپەیمانیەکی عیراقی بدات به گوێی دەسەڵاتی کوردیدا تا رەنگرێژی سیاسەتەکانی خۆی پێ بکات و ئیلهامەکانی خۆی لێوەرگرێ، پاشان بەپێی دەستوورخیانەتیش نییه هاوپەیمانی لەو جۆرە چونکه بەپێی ئەم ووتەزایانە بێت عیراقیبوون و یەك نیشتیمان و عیراق جگه له ئێمه کەسی تری نیەو دەستوور چەتری گشت عیراقیەکانە.. ئەوا یەکگرتوی ئیسلامی و هەر حیزبێکی تری کوردستانی بۆی هەیەو شەرعیەتی دەستوریشی هەیه که لەگەڵ شیعەو سوننەو تورکمان و تەنانەت مەسیحی و سابیئەکانیشدا تەحالوف و هاوبەندی بکات و پێویست به شۆك و نارەزایەتیش ناکات، مەگەر هەموویان عیراقی نین و بۆ چوارچێوه گشتیەکەی عیراق ناکۆشن ؟؟ مەگەر پاش بەڵێکان بۆ دەستوور ئیتر چەمکێکمان هەیه بۆ فیدراڵیەتی سنوربۆکێشراوی جوگرافی و نەتەوەیی کوردستانە هەژارەکەمان؟ یان وەهمێکەو خۆمان هەڵە ئەکەین، ئەی نەمان ووت دەستوور زامنی مافەکانمانەو هەموو شتێکەو تەواو!!

یەكگرتوو لە ڕێگەی ئەو هاوپەیمانێتیە تاكتیكیە لەگەڵ كورددا وەك بەرێكردن و مواكەبەی دۆخەكە توانی تەنها هەندێ لە كارمەندان و پاسەوانان و كادیرەكانی خۆی لەهەردوو حكومەتی سلێمانی و هەولێر بكاتە پۆلیس و موچەخۆرو هەندێ ئیمتیازی وەك دامەزراندن و پێدانی عەرزەو شتی لاوەكی لەو جۆرە كە زۆر جەوهەری نەبوون بەلای یەكگرتووەوەو تارادەیەك مافخوراویش بوون، لێرەدا من باس لە فرەیی دیموكراسی و جوانیەكانی فەزایەكی ڕەنگاو ڕەنگ و جیاواز ناكەم كە چەند خزمەت بە كۆمەڵگای مردووی كوردی ئەكات كە ئەم هەنگاوەی یەكگرتوو بۆ خۆی بەشێكیەتی و ئەگەر نەترسانە ڕێ بكات ئایندەیەكی باشی دەبێت وەك ڕەقیب و هێزی دژە ئاراستە لە كوردستاندا بەڵام ئەگەر تاكتیكی مەرحەلیانە بێت ئەوا یەكگرتوو خراپتر ئەكات و لەئێستاش بێدەنگتری ئەكات،

بەڵام یەكگرتوو چەندێك خراپی كرد كە لە 30 كانونی دووەمدا چووە ناو هاوپەیمانی كوردستانی و بواری ململانێكانی كوشت و ئەو هەموو دەنگەی لە خۆی تۆراند ئەوا خراپتر ئەكات لەم هەوڵە یاخیگەریە بەردەوام نەبێت و توك نەرمانە مامەڵە بكاتەوەو دووبارە دەنگەكانی بە تۆپزی بخاتەوە گیرفانی یەكێتی و پارتی، بەڵام ئەستەمە بتوانێت تازە ئەو فەزا چالاكە سیاسیە بۆ كورد بگەڕێنێتەوە و یەكگرتووش تەراتێنی تێدا بكات و بە ئازادانە كارتەكانی بەكار بهێنێ، ئەپرسین كاتێ یەكگرتوو لەو هاوپەیمانە خزم و خوێنە هاتە دەرەوە كام كوتلەو گروپی بەهێزی دەرەوەی هاوپەیمانی كوردستانی هەیە كە هاوبەندی لە تەكدا بكات جگە لە سوننەكانی بەغدادو حیزبی ئیسلامی عیراقی ئیخوانی !؟ بێگومان مەگەر لەگەڵ حیزبەكانی وەكو بزوتنەوەی ئیسلامی و پارتی چارەسەری كوردستان كە لیستی سەربەخۆیان هەیە بكەوێتە گفتوگۆوە؟ كە ئەمەش هەرگیز لە و غرورو عوجبە سیاسیەی یەكگرتوو ناوەشێتەوە، كەواتە ئەبێت یەكگرتوو حسابی ئەوەی كردبێت كە لە سەر پێی خۆی بوەستێت و بە هیچ دەمارێك نەچێتەوە ناو پێكهاتەكانی یەكێتی و پارتی و ناو گەندەڵیەكانیان و داوای ئیمتیازیشیان لێ نەكات، بینیمان لەبەرانبەر چونە ناو ئەو هاوپەیمانێتیەدا لە مانگی یەكی 2005 یەكگرتوو زیانێكی زۆری لە گوتارو لە مەعریفەو لە حەماسی كادیرەكانی خۆی و جەماوەرە كەیدا، كە خۆی دوچاری متبوون و وەستان و بێ هەڵوێستیەكی وەها كردەوە تا ئاستی دۆڕاندن ئەمە ئەگەر لە كولتوری شەرقیدا مانایەكمان هەبێ بۆ دۆڕاندن و دانی پێدا بنێین، ئەو حیزبەی كە خاوەنی دووەم دەنگی شارەوانی و سێهەم دەنگی پەرلەمانی بوو خاوەنی ڕوئیای تایبەتی خۆی بوو بۆ ڕەخنەگرتن و گیانی تەحەددا، وای لێهات هیچ هێزێكی ڕووبەڕووبونەوەو ئۆپۆزسیۆنگەری و شۆڕشگێری نەمێنێ و نارەزایەتیەكی گەورەشی خوڵقاند و چووە ریزی حیزبە پاسیڤەكانی تری كوردییەوە!!

بۆیە بەم نەفەسەوە ئەمجارە یەكگرتوو دەخوازێت تۆڵەی ئەو مت بوون و لاوازی و وون بوونەی بكاتەوەو دەنگی ئەو جەماوەرە توورەو عاجزە بۆلای خۆی ڕاكێشێتەوەو پەیامێكیش بدات بە گوێی یەكێتی و پارتیدا كە یەكگرتوو هێشتا خاوەنی ترس و موفاجەئەیەو ئەتوانێت كارتەكانی دەستی بەكار بهێنێت، بەڵام ترسناكترین كارت ئەو كارتەیە یەكگرتوو بەنەفەسی سوننەیەكی ئیخوانی و عیراقییەوە بێتە ناو گەمەی هەڵبژاردن و دەستەكانی خۆی درێژ بكات بۆ ئەو گروپە ترسناكانەی سوننە كە دەشێت زۆرێك لە گەراكانی تیرۆرو خەونی زیندوكردنەوەی بەعسیزم لەژێر پەچەو عەمامەكەیاندا حەشار درابێت، كە ئەمە ڕەنگە سەرەتای تراژیدیایەكی گەورە بێت، بە ئاراستەی تێكدانی فەزای كوردی و كاڵكردنەوەی سنوری جیۆسیاسی فیدراڵی هەرێمی كوردستان و تۆخكردنەوەی سنورە گشتیەكەی عەرەب و خەونی ناسیۆنالیزمی عروبە لە عیراقدا كە ئەم خەتایەش بە تەنها یەكگرتوو هەڵگرو تاوانبار نییە تیایدا ئەوەندەی یەكێتی و پارتی و دانپیانانەكانیان بۆ دەستوور خوڵقێنەریەتی،

بەڵام ئایا یەكگرتوو بە ڕاكێشانی ئەم كارتەو خۆجیاكردنەوەی لە هاوپەیمانێتی كوردستان تا چ ڕادەیەك ئەتوانێت ڕۆحی بەرگری و هێزی ئۆپۆزسیۆن و شەرعیەتی مانەوە لە خۆیدا دروست بكاتەوەو تۆڵەی ئەو شكستەی 30 كانونی دوەمی 2005 بكاتەوە كە بەدەستی بەتاڵ لە پرۆسەكە هاتەدەرەوەو تەنانەت وەزارەتی ژینگەی عیراقیشیان لێسەندەوە و جارجارەش لێرەو لەوێ كادیرەكانیان وەك چەرەس ئەگیران و لە مزگەوتەكان دەریان ئەهێنان بە بیانوی پەیوەندییان بە تەقینەوەكانەوەو گومانی ئەوەشیان لەسەر یەكگرتوو دانا كە دەنگەكانی خۆیان بەخشیوە بە كۆمەڵی ئیسلامی و ئێستەش كۆمەڵ بیبەخشێ بە یەكگرتوو، ئەمانە هەموو ئەو ئاماژە تەمومژاویانەن كە ڕووبەڕووی ستراتیجی ئەم حیزبە سوننیە كوردییە ئەبێتەوەو تا ئێستاش وەڵامەكان دیارنین كە ڕەنگە لە داهاتوودا یەكگرتوو زیاتر بخرێتە ژێر پرسیاری جددی یەوەو بەتایبەت ئەبێ یەكگرتوو بزانێت هەڵبژاردنی ئەمجارە بۆ 4 ساڵەو سەركردایەتی ئەم حیزبە ئەبێ واز لەو گەمە تەكتیكیانە بهێنێ كە مانگەو مانگ ئەیگۆڕێت و ئەمجارەش كورسی و دەنگی شارەكان تەحەكوم ئەكات و سیستمی بازنەییە نەك ڕێژەیی..

*** تێبینی / ئەم ووتارە لە گۆشەی ( سەرنج) ی هەفتەنامەی هاووڵاتی ژمارە 249ی 2005/11/16 دابەزیوە بۆ ئاگاداری خوێنەر**